## بەیرەم ئەیاز سەرنووسەری پەیامی کورد لە ئەڵمانیا:
# مایەی دڵخۆشییە کە لە کوردستان گۆڤارێکی لەو جۆرەمان هەیە



١٠٨ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لەسەردەستی بەدرخانیان ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە ڕۆژنامەی کوردستان دەرچوو، ئەمەش خەباتێکی مێژوویی و نەتەوەیی پیرۆزە و لەو ڕۆژەوە ڕۆژنامەگەری کوردیی ڕۆژلەدوای ڕۆژ بەرە و پێشەوە دەڕوات چ لە ڕووی ئاست و چ لە ڕووی تەکنیکی ڕۆژنامەگەرییەوە، ئەمڕۆ ئاستەکە گەیشتوەتە ڕادەیەک گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی و تەلەفزیۆنی ئاسمانیمان هەیە.

لە نێو ئەم بلاوکراوانەدا لەسەرەتای ناسینمەوە و ئاشنابوونم بە گوڵان، ئەم گۆڤارە وەک گۆڤارێکی سیاسی، بیروباوەڕی سیاسی باش بلاو دەکاتەوە بە ئاستێکی باش بەپشت بەستن بە کادری ناوخۆیی هەنگاوی باشی ناوە و لەسەر ئاستی ڕامیاری و فکریدا لە یەکخستنەوەی ماڵی کوردا هەنگاوی جدی و پراکتیکی ناوە و ئێستاش کە بەرەو یەکگرتنەوەی حکوومەتی کوردستان دەڕۆین بێگومان گوڵان ڕۆڵی ئەکتیڤ و کاراتری دەبێت لەم بوارەدا و ئەوەش مایەی دڵخۆشییە بۆ کارمەندانی گوڵان و ئێمەش کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کار دەکەین کە لە کوردستاندا گۆڤارێکی لەو جۆرەمان هەیە.

یەکێکی تر لە خەسڵەتە جوانەکانی ئەم گۆڤارە کە بە شێوەیەکی جدی لەم ساڵانەی دوایدا گرنگی زۆری داوەتێ بەسەرکردنەوەی قەڵەمی نووسەرانی بەشەکانی ترە لە گەڵ گرنگیدان بە ڕەوشی کوردان لە پارچەکانی تری کوردستاندا.

ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی و یادی گۆڤاری گوڵان بەرز دەنرخێنم و هیوادارم زیاتر گرنگی بە جوانکاریی ناوەوەی گوڵان بدرێت و سەرلەبەری لە بەرگێکی ئاڵ و واڵای جواندا خۆی بنوێنێ.

## ڕۆژهات ئامەدی خاوەن ئیمتیازی پەیامی کورد:
# لەو باوەڕەدام گۆڤارەکەتان ژمارە دوای ژمارە بەرە و پێشەوە دەچێت

بە بۆنەی ١٣ساڵەی گۆڤاری گوڵانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە ستافی ئەم گۆڤارە دەکەم.



دیارە زیاتر لە ٦ساڵە من ئاشنایەتیم لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا هەیە، ڕاستە لە دەسپێکەوە بە ئاراستە و جۆرێکی تر بوو بەڵام ئەمڕۆ گەیشتۆتە قۆناغێکی تر و لەو باوەڕەدام گۆڤارەکەتان ژمارە دوای ژمارە بەرە و پێشەوە دەچێت بەتایبەتی لەم دووساڵەی دواییدا.

لەگەڵ ئەم سەروەریانەی گوڵاندا ناکرێت خۆمان لە کەموکورییەکان لابدەین چ لە بواری مەودای کار و تەکنیک و فۆرمدا.

دەکرێت زیاتر بایەخ بە بیروڕای ئازاد لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بدەن، ئەگەر پێشتر کاتەکە لەبارو وگونجاو نەبوو بۆ ئەو هەنگاوە بەڵام ئەمڕۆ زەمینە و فەزای ئازادی زیاترە بۆیە لە گۆڤاری گوڵان دەخوازرێت کە ئەو هەنگاوە بهاوێژێت، چونکە بارودۆخی کوردستان لە ترس دەرچووە چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوەدا و ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر جەماوەری بوونی گۆڤارەکەتان.

لە بواری بلاوکردنەدا ئێوە کەموکوڕیتان هەیە نەتوانراوە بەشێوەیەکی دروست لە ناوخۆدا بلاو بکرێتەوە، لەسەر ئاستی دەرەوەش دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە زیاتر لە ملیۆنێک کورد لە تاراوگەن و ئەوانەش پێویستیان بە خوێندنەوەی گوڵان هەیە بۆ ئەوەی لە بارودۆخی کوردستان زیاتر ئاگادار بن.

ئەگەر میکانیزمێکتان دۆزیەوە بێگومان پێویستە لە ناوەڕۆکی بابەتەکانیشدا گۆڕانکاری بکەن و دڵنیام کادیرانی گۆڤارەکەتان بەتایبەت لەبەشی سیاسییدا ئەو توانایەیان هەیە لە گۆڤارێکی بەربلاو لە ئاستی دنیادا کار بکەن و پێم وایە گوڵان تاکە گۆڤارەکە نیشانی دنیای دەرەوەی بدەین وەک نموونەی بلاوکراوەی ناوخۆیی.

لە هەمووشی گرنگتر دوبارەی دەکەمەوە کە ئازادی زیاتر کاری گوڵانە هەنگاوی بۆ بنرێت.

دوبارە پیرۆزبابیتان لێدەکەم..



# رزگار عومەر ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان:

## ئەم گۆڤارە ڕاستەخۆ لە ڕۆژی دروست بوونییەوە تاوەکو ئەمڕۆ توانیویەتی لە دەرەوەی ڕوانگەی ئەم دەسەڵاتە، دەنگێکی سەربەخۆی میدیایەکی جەماوەری بێ؟

سەرەتا بە ناوی دەستەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان، سوپاسی ئەو دەرفەتەدەکەین کە بۆ ئێمەتان ڕەخساندووە. ئەم دەرفەتە ڕێگامان پێدەدا لەگەڵ ئێوەو لە گەڵ خوێنەرانی گۆڤارەکەتان بدوێین. هەروەک لە داوەت نامەکەتان ئیشارەی پێدراوە، ئێوە حەز دەکەن سەرنجەکانی ئێمەو پێشنیارەکانمان لەبارەی گۆڤارەکەتانەوە بزانن.

### لە کوێوە دەست پێبکەین؟

بۆ ئاسان کردنی ئەم کارە، من بە گریمانی ئەوەی لەگەڵ هەموو کارمەندانی ئەو گۆڤارە لە دانیشتنێکدام، بیرو ڕای خۆم لە چوارچێوەی دروست کردنی پلمیکێکی ڕاستگۆ و دوور لە موجامەلە دەست پێدەکەم.هیچ حوکمێکی حازرم لە بن دەست نییە بۆ گۆڤارەکەتان، ئەوەندە دەزانم لە کردنەوەی دەرگای گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانە وروژاندنی پرسیار دەتوانین بیرورا بگۆڕینەوە، ئامانج بەکەم گرتنی ماندوو بوونی کەسانی نێو ئەم گۆڤارە نیە، ئامانج ئەوەیە ئەگەر بڕیارە ڕاستگۆیی و دایلۆگ دەروازەی گەیشتن بە حەقیقەت دەبێ، دەبێ لەگەڵ ئێوەش وەکو ڕێبوارێکی تری ڕێگای میدیای کوردی هەر بەو ڕاستگۆیەی سەرنجەکانم بڵێم.

من و ئێوەش خوێنەرانیش دەزانین کەئەم گۆڤارە لە دەزگایەک چاپ دەکرێ و تەمویل دەکرێ کە حزبێکی دەسەڵاتی کوردی موڵکداریتی دەکا. ئەم حەقیقەتە نە کۆتایی دونیایەو نەرێگریشە لە لای مندا بۆ ئەوەی بێ دوودڵی بتاندوێنم، ئەمە واقیعی ئەم گۆڤارەیە، بەڵام ئەو خاڵە لەو شوێنەوە گرنگی دروست دەکا، کە ئەم گۆڤارە ڕاستەخۆ لە ڕۆژی دروست بوونییەوە تاوەکو ئەمڕۆ توانیویەتی لە دەرەوەی ڕوانگەی ئەم دەسەڵاتە، دەنگێکی سەربەخۆی میدیایەکی جەماوەری بێ؟

ئێوە لە ژیانی ڕۆژانەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە لە ڕابردوودا، یان لە ئێستادا دڵنیاییەکی واتان هەیە، کە توانیوتانە سەرەرای ئەوە دەسەڵاتی سیاسی لە پشتتانە بەڵام دریغیتان نەکردووە، لە بڵاوکردنەوەی حەقیقەت بەو شێوەیە خۆتان بڕواتان پێی هەیە، نەک بەو شێوەیە دەسەڵاتی سیاسی حەزی کردووە؟



لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، میدیا کارکردێکی دوولایەنەیە، دەتوانێ دەنگێک بێ بۆ بڵاوکردنەوەی تاریکی و شەڕ، دەشتوانێ بە پێچەوانەی ئەمە دەنگێک بۆ ڕووناکی و ئاشتی. ئەم قسەیەی من کۆن و سادە دێتە بەرچاو، بەڵام کێ دەتوانێ لەم حەقیقەتە سادەیە شتێکی زیاتر بڵێ؟ کام زلهێزی سیاسی نێودەوڵەتی، یان کارتێکی ئابووری گەورەی دونیا هەیە، یەکێ لە بڕبڕە و کۆڵەکەکانی جێگیر کردنی خۆی میدیا نەبێ؟ بەڵام ئەم ڕۆڵە ڕوو لە سەرەی میدیاش هەر لە ڕۆژنامەو گۆڤارێکەوە بگرە تا دەگاتە سەر سەتەلایت و ئەنتەرنێت، بێ باج نییە لە چەرخی بیست و یەکدا.

میدیا ئەگەرچی دەنگی ئاشتی بووە بەڵام لە ئاستی فراوانتریشدا، ڕاستەوخۆ دەنگی شەڕ بووە. ئایا گۆڤاری گوڵان لەم دابەش بوونەدا لە باری مێژووییەوە بە کام ئەجێندە ئیشی کردووە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە تەنیا و تەنیا پەیوەندی بەوە نییە کە ئەم گۆڤارە سەپۆرتی شەڕەکانی ئەمریکا دەکا لە ئایندەی ناوچەکە یان نا، بەڵکو پرسیارێکە درێژ دەبێتەوە، بۆ نیوەی دووەمی نەوەدەکانی شەڕی نێوخۆی کوردستان. گۆڤاری گوڵان لە ئەرشیفی ژمارەکانی ئەو دەمەدا چەند ژمارەی هەیە دەنگێک بووبێ بۆ ئاشتی چەند ژمارەشی هەیە پێچەوانەی ئەمە بووبێ؟

دەستەی بەڕێوەبەری گوڵان گرنگە هەڵسەنگاندنێکی بۆ ژمارەکانی ئەو سەردەمەی خۆی بخاتە بەردەمی خوێنەران، گرنگە لە زمانی خۆتانەوە بە چاوی ڕەخنەوە ئەو ژمارانە بدەنە بەر ڕەخنە کە بای نوکە دەرزیەک بیانوویەکی تێدابێ بۆ ڕەوابوونی شەڕی نێوخۆ. ئەزانم ئەمە وا دێتەبەرچاو کە سەرئێشەیەکی زیادەیە، بەڵام ئەگەر گۆڤارەکەتان کارێکی لەو بابەتە بکا، متمانەیەکی گەورەی مێژوویی و ڕچە شکێنیەکی بێ وێنە بۆ خۆی تۆمار دەکاو دەیان هەنگاوی عەمەلی لەجەماوەر و لە ماڵی حەقیقەت نزیک دەبێتەوە.

ئەم بژار کردن و هەڵسەنگاندنە ئامانجی ئەوە نییە، پاکانە نامەیەک لە شێوەی دوو جەدوەلی باش و خراپی ژمارەکانی ڕابردوو حازر بکرێ. بەڵکو مەبەست ئەوەیە تیمێک کە لە گۆڤارێک دا ئیش دەکەن، موراقیب بن بەسەرخۆیانەوە، سادقانە پرسیار لە

ڕابردووی کارەکانیان لە ئایندەی ئەو پەیمانە بکەن کە بەنیازن لە دەورەکانی تری تەمەنی ئەم گۆڤارە بیبەخشنەوە. چونکە لەوەتی ئەم گۆڤارە دەست بەکار بووە گۆڕانی زۆر گەورە لە کۆمەڵگەی کوردی ڕووی داوە، ناعەقڵانی دەبێ، ئەگەر ئەم گۆڤارە بە هەمان ئەو دەستوورەی لە سەری دامەزرا، وەکو دەقێکی نەگۆڕ بەردەوام بێ.

قلێشانی گەورە، ناکۆکی ئاشکرا، لە ڕوانگەی جەماوەری کوردا لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارەی کوردی دروست بووە، مەحبووبیەتی دەسەڵات و سیاسەت لە ڕیزی جەماوەردا لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە بە جێگیری نامێنێ، یان دەچێتە سەر یان دەچێتە خوار، بۆ کوردستانیش هەروایە، بەڵام جێ و ڕێ ی ئەم میدیایەی کە لەپێناوی حەقیقەت و بەرژەوەندیەکی گەورەتری دیموکراسی موغامەرە دەکا و دەبێتە بڵندگۆی ئەندێشەکانی جەماوەر، خۆشەویستی نەگۆڕ بە دەست دێنێ، ئەگەر یاساغیش بکرێ دەستەی نووسەرانی ڕەوانی ماڵەوە بکرێنەوە، بەڵام ناو و هەڵوێستیان تا سەر دەمێنێتەوە. ئەم قسانە بۆ ئەوە باس ناکەم تا بڵێم سیناریۆیەکی لەم بابەتە چاوەڕێ ی گۆڤارەکەتانە، بەڵکو گرنگە ئەم ئەزمونەتان لە چوارچێوەی ڕۆتین ڕەها بکەن و ئەم پرۆژەیەتان نوقمی گۆڕانی ڕیشەیی و چارەنوساز بکەن.

گرنگە پێش ئێمەو خوێنەران، ئێوە خۆتان پرسیار کەن ئەم گۆڤارە لە کوێ ی سکولاریزمی کۆمەڵگەی کوردستان وەستاوە؟ ئایا دەنگێکی مۆدێرن بووە، یان کۆنسرڤەتیڤ بووە؟ دەنگێگ بووە بابەتەکانی باوەشێکی میهرەبان بووبێ بۆ کچان و کوڕانی نەوەی نوێ ی دوای ڕاپەڕین؟ یان بە پێچەوانەوە دەنگێک بووە دەستی بە ڕابردووەوە گرتووە و پشتی لە تازەگەری کردووە؟ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە، یارمەتی ئێوە دەدات وێنەیەکتان هەبێ لە سەر ئەوەی کردوتانە، گرنگ نییە لە ئەنجامی ئەو وەڵامانەی دەیدەنەوە بە خۆتان بە وێنەو ئەنجامێکی نەگەتیڤ بگەن، گرنگ ئەوەیە نیازی گۆڕان وەرچەرخانتان بەرەو حەقیقەت و جەماوەر، ببێ بە تاقە ئەجێندای دەورەکانی داهاتووی گۆڤارەکەتان.

لە کۆتایدا هیوادارم نە ئێوەو نەخوێنەرانی گۆڤارەکەتانم زویر نەکردبێ بەو سەرنج و پرسیارە زۆرانەی لەم دەرفەتەدا بەرەو ڕووی ئێوەم بەرز کردۆتەوە، دووبارە بە ناوی دەستەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە کارەکانتان.

## لەتیف فاتیح فەرەج
## سەرنووسەری (کەرکووکی ئەمڕۆ):

# بە بڕوای من ئەوڕۆ لایەنی کەم لە کوردستان هاوشێوەی ئەم گۆڤارە نییە



من ئەگەر لەسەرەتاکانی گوڵاندا لەگەڵ ئەو زمانە نەبووم کە گوڵان لە سەرەدەمی پچڕپچڕبوونی ماڵی کوردیدا بەکاری دەبرد بەڵام لە ڕوی ئیستاتیکا و بەردەوامی دەرچون و درێژەدان بە کاروانەکە گوڵان دەکرێ بە زندوترین گۆڤار بێتە ئەژمار، لە ئەمڕۆدا لەهەر ڕۆژ زیاتر من سەرنج دەدەمە ڕیپۆرتاژ و ڕاپۆرتە تایبەتەکانی گوڵان لە گەڵ ئەوەشدا ئەو هەمە چەشنی و فرە بابەتییەی گوڵان کە وەک گۆڤارێکی هەفتانە زۆرترین زانیاریی هەواڵی سیاسی، ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و هتد دەبەخشێتە خوێنەر بە بڕوای من ئەوڕۆ لایەنی کەم لە کوردستان هاوشێوەی ئەو گۆڤارە نییە با حزبێکی دەستەڵاتداریش لە پشتییەوەبێت، بەڵام لە قسەکردنی ئەوڕۆیدا جیاواز لە جاران جۆرێک لە ئازادی وسەربەخۆی گوتن هەیە، ئەگەر ڕێگام بدەن تێبینی من لەسەر ئەو گۆڤارە ئەوەیە کە لە بواری دابەشکردندا نەیتوانیوە بگاتە هەموو شوێنێ لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە گوڵان دەکرێ لەبواری ڕیکلامدا بەشێکی تایبەت یا چەند لاپەڕەیەکی هەبێت هەروەها پێشنیاری ئەوەشی دەکەم گوڵان گەر بتوانێ لە چەند لاپەڕەیەکدا بە ناوی کوردستان لە هەفتەیەکدا وا بکات ، کەش وهەوا ڕوداوەکانی ئۆتۆمبیل، مردن و لەدایکبوون، بارودۆخی شارو شارۆچکەکان، تەلەفۆن و خزمەتگوزارییە خێراکان نرخی دراو نرخی شت ومەک زۆر بابەتی دیکە بورووژێنێ کە ئەوەشی ڕۆڵێکی گەورە لە میللی بونی ئەو گۆڤارەدا دەگێڕێ، لەم بۆنەیەدا پیرۆزبایی خۆم لەسەرجەم ستافی ئەو گۆڤارە قشتیلەیە و تەمەنی وشەی کورد هەر درێژ بێت.